

# دةربارةى رِةوشى ثيكةوة ذيان لةشارى كةركوكدا

بێستون سابوراوایی:

## بؤ ضارةسةركردنى ئةو بارودؤخة ئالَؤزةو بةطةرِ خستنةوةى سياسيانةى دؤزى كةركوك لةخزمةتى كوردستاندا، طةلى كورد دةبيت لةثيش هةموو نةتةوةكانى ترةوة ئالآى ثيكةوة ذيان هةلَطريت

ئامادەکردنی : ئازاد سەراوی

***یەکێك لەفاکتەرە هەرە گرنگ‌و چارەنووسسازەکان لەشاری کەرکوکدا گیانی بەیەکەوە ژیان‌و بەیەکەوە گونجانە، کورد لەدێرزەمانەوە هەڵگری ئەم دروشمەیەو بانگەشەی بۆدەکات، لەم پێناوەشدا لەسەر ئاستی جەماوەری‌و سیاسیدا هەنگاوی گرنگی ناوە، بەڵام پێك هاتەکانی تری ئێراق تا چەند هەنگاویان بەرەو بەیەکەوە ژیان ناوە لەگەڵ کورداو تاچەند لەداهاتوودا لەئاسۆیەکانی پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەوانە ڕوونە؟***

***فاکتەرەکانی پێکەوە ژیان تا چەند ئومێدی بەرەو پێشچوون‌و چەسپاندنیان هەیە، ئەو هۆکارانە کامانەن کە دەبنە هۆی پتەوکردنی مەبدەئی پێکەوە ژیان؟***

***ئایا تەنها بەرزکردنەوەی دورشم‌و بانگەشە لەلایەن کوردەوە دەستەبەری ئەو پێکەوە ژیانە دەکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەو قسەکردن لەسەر چەند تەوەرێکی تر، میوانداری نوسەرو ڕوناکبیر کاك بێستون سابوراوایی-مان کرد***

پرسیار: ئێمە هەمیشە بانگەواز بۆ پێکەوە ژیان

دەکەین، زۆربەی کەناڵەکوردیەکانیش بونەتە مینبەرێك بۆ ئەم بانگەشەیە، لەئێستادا فاکتەرەکانی بەیەکەوە ژیان کامانەن، ئەو فاکتەرانە کامانەن کە دەبنە هۆی پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوە ژیان؟

وەڵام: بەنسبەت پرسیارەکەی جەنابتەوە وا پێویست دەکات لەخاڵێکی زۆر سەرەتایی گرنگەوە دەستپێبکەم، ئەویش ئەوەیە کەخودی عێراق، دروستبوونی ئێراق، وڵاتێکە کە لەسەرەتاوە، وادروستکراوە، شێوازێکی ناسروشتی گرتۆتەخۆی، دروست بوونی ئێراق بەشێوەیەکی گشتی، دروستبوونێکی ناسروشتییە، لەوانەیە زۆربەی زۆری دەوڵەتانی دنیا شێوەیەکی سروشتی پێکهێنانو دروست بوونیان بەخۆوە گرتبێ، بەڵام دەوڵەتی ئێراق شێوەیەکی ناسروشتی گرتۆتە خۆ لەدروستبوونیدا. ئەمە کارێکی وەهای کردووە هەرلەسەرەتاوە پێکەوە گونجان لەناوعێراقدا قورس بێت، چونکە ناسروشتی بوونەکە لەچیەوە سەری هەڵداوە؟ لەوەوە سەری هەڵداوە کە ئێراق لەسەرتای دروستکردنیەوە وڵاتێکی هەمە نەتەوەو هەمە مەزهەب و هەمە تۆوەی بیروبۆچوونە سیاسیو نەتەوەییەکانو ئایینیەکان بووە.

ئەم جۆراوجۆرییە لەجیاوازی نەتەوایەتیو جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسیو لەجیاوازی کەلتورو جیاوازی ئایینی کارێکی وای کردوە هەر لەسەرەتاوە مەوزوعی پێکەوە گونجان یەکێك بێ لەکێشە بنەڕەتیەکانی ئێراق، ئەمە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لەئێراقدا تەماشای بکەین زۆر قورس دێتە پێش چاو، ئەگەر بێینە ناو کەرکوکیشەوە ئەوا لەکەرکوکدا قورستر لەهەموو ئێراق دێتە پێش چاو، لەبەر ئەوەی لەکەرکوکدا هەر لەسەرەتاوە بەشێوەیەك بەدەستی ئەنقەست ئەو ئاڵۆزیە چڕو خەست کراوەتەوە، ئاڵۆزیەکە بەشێوەیەکی وا چڕو خەستکراوەتەوە لەکەرکوکدا کە ئەگەر ئێراق خۆی دەوڵەتێکی دروستکراوی ناسروشتی بێ ئەوا کەرکوك بەدەستی ئەنقەست دوو ئەوەندەی تر وایلێکراوە کە بکرێتە هەرێمێکی وا کە هەمیشە لەلێواری ئاڵۆزیەکانو تەقینەوەو گڕگرتندا بێ، بۆیە تەماشا دەکەین، بەحوکمی ئەوەی هەر لەسەرەتاوە کەرکوك هەرێمێکی پڕبایەخی زۆر گرنگ بووە نەك هەر لەلایەن دەوڵەتە تازەکانی دەوروبەریو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان عەرەبەکانو موسڵمانەکانەوە، بەڵکو پێش ئیسلامەتیش لەلایەن دەوڵەتی ڕۆمانیەوە لەلایەن دەوڵەتی بێزەنتی و یۆنانی و دوای ئەوە لەلایەن دەوڵەتی خەلافەتی تورکەوە یەکێك بووە لەو شوێنانەی یەکێك بووە لەو هەرێمانەی زۆر گرنگی پێدراوەو بەچرووپری خۆیان تێ خزاندووەو قورسیی خۆیانیان گواستۆتەوە بەهەموو شێوەیەك بۆئەوەی شوێن دەستو دەسەڵاتی خۆیان هەبێ لەکەرکوکدا. ئەمە درێژەی هەبووە تا کو ئەو دەوڵەتانەی کە پێیان دەڵێن دەوڵەتی نوێیەکان، لەساڵی (١٩٠٠) بەدواوە کە لەسەر ئەساسی ویلایەت دروستبوون، دوای ساڵی (١٩٢٠)وە لە(١٩٢٦) بەتەواوی ئێراق بوو بەم عێراقەی کەئێستا هەیەو کوردستانی پێوە لکێندرا، هەر کەرکوك بەشێك بووە لەوخاکەی کەهەمیشە ئەو دەسەڵاتدارانەی لەدوورو لەنزیکەوە هاتوونەتە ناوچەکە هەوڵیان داوە شوێن پێیەکی بەهێزی خۆیان هەبێت تیایدا. دانانی ئەم شوێنو پێ بەهێزە لەکەرکوکدا ئاڵۆزکاویەکی بەدوای

خۆیدا هێناوە، لەبەر ئەوەی شوێن پێکانیان ئاسەوارێکی مێژوویی بەدوای خۆیدا جێ هێشتووە، ئاسەوارێکی ئابوری نەتەوایەتی، ئاسەوارێکی ڕەگەزی و دینی لەدواییدا ئاسەوارێکی مەزهەبیش بۆ نمونە عارەبە هاوردەکان دوایین شێوازی تەرکیز کردنە لەکەرکوکدا، بۆ گۆڕینی شێوازی سروشتی کەرکوك بۆگۆڕینی دیموگرافیای، بۆگۆڕینی سیماکانی کەرکوك.هێنانی عارەبە هاوردەکان بە شێوەیەکی گشتی کە تازەترین شێوازی گۆڕینە لەکەرکوکدا تازەترین شێوازی دەست تێوەردانە لەکەرکوکدا شێوازێکی مەزهەبی عارەبی بەخۆیەوە گرتووە، زیاتر ئیهتمام بە خەڵکە شیعەکان دراوە، دەتوانین بڵێین گۆڕانکارییەکی نوێیە لەدەسەڵاتداری، ئیستبدادیانەو ڕەگەز پەرستانەو چەوسێنەرانەی دەوڵەتی نوێی بەعسی عێراق، کە هاتووە گۆڕانکاری لەناو کەرکوکدا دروست کردوە ئەم گۆڕانکاریانە، ئەم حاڵەت ئاڵۆزانە، ئەم ناخۆشیو ناکۆکیانە لەخودی شاری کەرکوکدا دروستکراوە ئەرکی گەلی کوردی زۆر قورس کردووە، بێجگە لەچەوسانەوەکان گەلی کوردی تووشی دەرکردنو چەوساندنەوە کردووە، خەڵکی کورد دانیشتوی ڕەسەنو خاوەنداری ناوچەکە بوون لەکۆنەوە ئەوەش وای کردووە تووشی جۆرێك مەسئولیەتی گەورە بن بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینەوە.

ئێمە ئەگەر لەپێش ڕاپەڕینەوە لەناو کەرکوکدا میللەتێك بووین تەنها بەشمان چەوساندنەوەو داگیرکردنو دەرکردنو ئەتککردنی حەیاو ناموسمانو لەناوبردنو دوورخستنەوەمانو ماڵ لێداگیرکردنمان بەسەرەوە بووبێ، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە ئێمە لێپرسراوێتیەکی زۆر گەورەمان کەوتە سەرشان ئەویش بریتییە لەپارێزگاری کردن لەکەرکوك بەشێوەیەك کە گەلی کورد تیایدا لەم کاتەدا دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی هەیە، ئایا چۆن دەتوانێ شێوازی دەسەڵاتەکەی خۆی بەکاربهێنێت یان چۆن دەتوانێت ئەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی ئایا بەرەو دیکتاتۆریەتی بەرێت لەو شوێنانەی کە دەسەڵاتی هەیەو پشتیوانێکی پتەوی هەیە؟ ئایا دەبێت گەلی کورد لەهەموو دنیادا، ئەو پشتیوانییە پتەوەی خۆی بەشێوەیەك بەکار بهێنێتەوە بۆئەوەی حەقو حقوقە کۆنەکانی کەلێی زەوت کراوە بیگێڕێتەوە، ئەم لێپرسراوێتیەش لەکەرکوکدا ئێمە دەتوانین ڕەنگی پێ بدەینەوە.

کەرکوك ئەو شوێنەیە کە هێشتا بەدڵی ئێمە نەهاتۆتەوە باوەشی سەرچاوە ڕاستەقینەکەی خۆی کە حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەباوەشی خاکی کوردستاندایە، بەڵام لەباوەشی دەسەڵاتی کوردستاندانییە، ئەمە لێپرسراوێتی دەخاتە سەرشانی گەلی کورد کە چۆن بتوانێت ئەو سنورە ڕاستەقینە جوگرافیە بهێنێتەوە سەر سنورە سیاسیەکەش ! گەلی کورد چۆن بتوانێت ئەم حاڵەت جوگرافی و ئەتنیکیە ناهەموارە کە لەکەرکوکدا هەیە، ئەم حاڵەتە ئاڵۆزە کە لەکەرکوکدا هەیە چۆن عیلاجی بکات و بیهێنێتەوە بەشێوەیەکی سیاسی، بەگەڕی بخاتەوە لەخزمەتی مەسەلەی گەلی

کوردستاندا؟ لێرە گەلی کورد ئەرکی سەرشانیەتی لەپێش نەتەوەکانی ترەوە ئالآی پێکەوە ژیان هەڵگرێت، بۆئەوەی گەلی کورد بیسەلمێنێ کە یەکێکە لەو گەلانەی کە لەدنیادا چەوسێنراوەتەوەو غەدروستەمێکی زۆری لێکراوە، ئەمە ناهەقییەکی زۆرگەورە بووە کەلەگەلی کورد کراوە.

گەلی کورد میللەتێکە لەهەر کاتێکدا کە دەسەلأتی هەبێت مەدەنیانە هەڵسوکەوت دەکات، شارستانیانە هەڵسوکەوت دەکات، بەشێوەیەکی وا کەهەڵسوکەوت دەکات کە سەرەتاکانو پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەهەر شوێنێك بێت کە هەبێ بیپارێزێت، بەلأم لەگەلْ ئەوەشدا گەلی کورد ئەوەشی لەبیرە کە لەپێناوی پێکەوە ژیاندا،هەر تەنها بۆی دەکرێت تا سنورێك قوربانی بدات، لەپێناوی پێکەوە ژیاندا، هەر تەنها بۆی دەکرێت ئەو ناکۆکیانە یان ئەو ناحەزیانەی کەلەناو نەتەوە رەسەنەکانی کە خەڵکی کەرکوکن جیاوازە لەکورد، کۆمەڵێك گرفت کە دروستکرێت لەلایەن ئەوانەوە، هەرتەنها ئەوەندەی بۆ دەکرێت چاوپۆشی لەوە بکات ولەسەر میللەتەکان حسابی نەکات، ئەگەر هەندێ کەس و هەندێ حیزب، هەندێ رێکخراوی سەربەو نەتەوانەش کە غەیری کوردن لەکەرکوکدا، ئەگەر جۆرە سنور بەزاندنێکی خراپیان هەبێت بەرامبەر بە گەلی کورد، هەندێك وەکو تاکەکەس من نالێم لەسەر ئەساسی نەتەوە یان گروپەئەتنیکیەکان لەکەرکوکدا دژایەتی گەلی کوردبکەن، بەلأم رەنگە هەبێت وەك تاکەکەس وەکو گروپی سیاسی، لەوانەیە تیایاندا هەبێت دروستکراو، لەوانەیە تیایاندا هەبێ هاندراو، ئەوانە کە گرفت بۆ گەلی کورد لەکەرکوکدا دەنێنەوە دەیانەوێت ئاستەنگی گەورە لەبەردەم کوردستانی بوون و گەڕانەوەی کەرکوکدا بۆسەر سنوریی هەرێمێکی کوردستان دروست بکەن، گەلی کورد دەتوانێ لەوێ چاوپۆشی بکات، گەلی کورد دەتوانێ لەوێ هێواش و لەسەرخۆ بێت، بەلأم هەندێ حالەتی تر هەیە کە گەلی کورد ناتوانێ چاوپۆشی لێ بکات لەپێناوی پێکەوە ژیاندا، ئەویش ئەوەیە ئەو مالْ و موڵکەی لێی داگیر کراوە دەیەوێتەوە، ئەو مەرعایەی کە پێشتر مەڕەکانی و ئاژەڵەکانی لێی لەوەڕاوە، داوای ئەو مەرعایەش دەکاتەوە.

گەلی کورد لەکەرکوکدا نەك هەر پێویستی بە خانوو هەیە بۆ خۆی، بەڵکو پێویستی بە مەرعاکەش هەیە، پێویستی بەو سنورەش هەیەکە بیخاتەوە ژێر دەسەلأتی خۆی، هەرکەسێك چوبێت داگیری کردبێت دەبێ دەربکرێت، لەمەیاندا تەساهول قبولْ ناکرێت، گەلی کورد لەمەیاندا تەساهول قبولْ ناکات لەپێناو پێکەوە ژیاندا، بۆئەوەی پێمان بوترێت ئێمە میللەتێکین زۆر شارستانی و باش و سەردەمیانەنین، بەلأم باشیەکەمان بەوە بۆ حساب بکرێت کە پێ بەسەرماندا بنێن و هەر قبولْمان بێت، کە ماڵمان داگیربکرێت هەر قبولْمان بێت، کەدرێژەدان بەعەرەب کردن بەردەوام بێت لەکەرکوکدا هەر قبولْمان بێت...

**ئەوەیان ناکرێت...**

پرسیار: کەواتە بێ جێبەجێ کردنی مادەی (٥٨) کەلەیاسا کاتیەکەدا هاتووە بێ ئاسایی کردنەوەو گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەیەکەوە ژیان هیچ مانایەکی نابێت.

**وەڵام: ماددەی (٥٨)لەیاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراقدا چارەسەری گرفتەکە دەکات، چونکە ماددەی (٥٨) لەسەرەتای نوسینەکەدا باسی ئەوە دەکات کە دەستوری هەمیشەیی گرەنتی ئەوەی تێدادەبێت کە حکومەتی ئینتقالی ئێراقبەتایبەت دەسەڵاتی باڵای چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکایەتی و زەوی و زارو هەرلایەنێکی دیکەی پەوەندیدار بەپەلەئیجرائاتی پێویست دەکەن، بۆ هەڵگرتنی ئەو زوڵمەی بەهۆی کردەوەکانی ڕژێمی پێشوو رویداوەو بۆتە هۆی گۆڕینی دیموگرافیای چەند ناوچەیەکی دیاریکراو لەعێراقو لەکوردستاندا لەڕێی گواستنەوەو نەفی کردنی خەڵکانێك لەشوێنی نیشتەجێبونیان، لەڕێی گواستنەوەی زۆرەملێ وە لەو ناوچانەوە کەلەدەرەوەی کەرکوکن و هێنراون بۆئەوێ، ئەمە خاڵێکی زۆر ئەساسییە کەهەر لەسەرەتای مادەی (٥٨) هاتووە کە دەبێت چارەسەری ئەوە بکرێت، عیلاجێك بۆ ئەو حاڵەتە بکرێت بۆ ئەوانەی پێیان دەوترێت خەڵکی غەریب و لەکەرکوکدا دانراون.**

**ئێمە دەتوانین بڵێین بناغەی بۆ پێکەوە ژیان لەناوکەرکوکدا بریتی دەبێت لەگێڕانەوەی، حەقە فەوتاوەکانی گەلی کوردو تورکمان، بەتایبەتی تورکمان و کورد هەردوکیان بەیەکەوە دوو میللەتن لەناو کەرکوکدا مافیان زۆر پێ شێل کراوە ڕاستە بەپلەی سێهەم لەدوای ئەوان کلدانی و ئاشوریەکان مافیان فەوتاوە، بەڵام ئەو نیسبەتەی لەکەرکوکدا بەپلەی یەکەم دێن کوردە، بەپلەی دووەم تورکمان بەپلەی سێهەم کلدۆئاشوررە هەتا هەندێ لەعەرەبە ڕەسەنکانیش جۆرێك لەچەوساندنەوەیان لەسەر بووە ئەگەر هەڵوێستێکی باشیان هەبووبێت و کەمێك قسەی خێریان کردبێت، ئەوانیش بەر ڕاگواستن کەوتن لەم بارەیەوە نمونەمان هەیە.**

پرسیار: پێشتر باسی ئەوت کرد کورد دەبێ ئاڵای بەیەکەوە ژیان هەڵبکات، دەمێکە کورد بانگ بۆ بەیەکەوە ژیان دەکات، بەتایبەتی لەناو شاری کەرکوک دەتوانین بڵێین: کەرکوک عێراقێکی بچکۆلەیە فرە ڕەگەزو فرە نەتەوەیە بەڵام ئەو بانگەشەیە لەلایەن تورك و لەلایەن عەرەب بە شیعە و سونەوە تاچەندپێشوازی لێ کراوە؟ تا چەند چۆتە بواری پراکتیکەوە بەواتایەکی تر ئەو دەستەی کورد بۆ بەیەکەوە ژیان درێژی دەکات، تاچەند لەلایەن نەتەوەکانی ترەوە پێشوازی لێکراوە؟

**وەڵام: ئەوەی کە تێبینی دەکرێت تاکو ئێستا لەکەرکوك ئەو دەستدرێژکردنەی گەلی کورد بۆ ئاشتی بۆ پێکەوە ژیان بۆ ڕێز گرتن لەمافەکانی یەکتری، هەموو لایەك بەیەکسانی وەڵامی دەداتەوە بەڵام وەڵامەکە هێشتا پێویستی بە پراکتیك کردن هەیە بۆ نمونە لەلایەن کۆمەڵێك لەگروپ و ڕێکخراوی سیاسی**

تورکمانیەوە هەڵوێستی باش دەربڕاوە بەرامبەر پێکەوە ژیان ئەو نەرمیەی کە گەلی کورد نواندویەتی حکومەتی هەرێم و ئەحزابی سیاسی نواندویانە لەکەرکوکدا, وای کردووە لەلایەن عەشیرەتە عەرەبەکانیش وەڵامێکی باشی ئیجابی هەبێت، بەڵام ئەم وەڵامە ئیجابیە، نەهی تورکمانو نەهی عەرەبەکان وەڵامێکی ئیجابی وانیە کە ئێمە بتوانین زۆر پشتی پێ ببەستین بێجگە لەمەش وەڵامی برایانی کلدوئاشوریش وەڵامێکی روون نیە تاکو ئێستا، هێشتا خیتابی هەندێك لەتورکمانەکان رونترە لەخیتابی برایانی کلدۆئاشوری، برایانی کلدۆئاشوری خیتابیان روون نیە، تاکو ئێستا لەکەرکوکدا زیاتر وەکو عەرەب مامەڵەدەکەن.

بەش بەحاڵی خۆم وەکو روناکبیرێکی دڵسۆز هەم بۆ باوەڕەکانی ئەوان و هەم دڵسۆزی ئاشتی و پێکەوە ژیان کەبەیەکێك لەمەبدەئە سەرەکییەکانی خۆمانی دەزانم، داوام لەبرایانی کلدۆئاشور ئەوەیە کەبەکردەوە هەڵوێستی دیاری کراوی خۆیان هەبێ ئەوان بەڕاستی لەسەر خاکی کوردستان دەژین پێویست ناکات گومانێکیان هەبێ لەوەی کە لەسەر خاکی کوردستانن. ئەوان لەسەر خاکی کوردستان دەژین هەروەکو چۆن تورکمانەکان لەکەرکوکدا لەسەر خاکی کوردستان دەژین، هەروەها عەرەبەکان لەکەرکوکدا لەسەر خاکی کوردستان دەژین و دەبێ ئەوان ئەوەیان لەبیربێت، من پێم وابێ بناغەو پێوانەو سەرچاوەی ئەوەی کە ئینسانی تورکمان، ئینسانی عەرەب، ئینسانی کلدۆئاشوری، ئەرمەنی، هەموو ئەوانەی کە لەکەرکوکدان رابکێشی بەرەو ئەوەی پێکەوە ژیان ببێتە شتێکی عەمەلی و پراکتیزە کراو، ئەوەیە کە قەناعەتیان وابێ ئەوان لەکوردستاندا دەژین، ئەوان دەبێ بگەنە ئەو قەناعەتەی کە لەکوردستاندا دەژین، من دێم لەماڵەکەی تۆدادەنیشم میوانی تۆ دەبم هاتومەتە ماڵەکەی تۆ میوانی تۆم، تۆ چۆن دەتوانیت بەخێرهاتنی من لەماڵەکەی خۆتدا بکەیت لەکاتێکدا من ئەو ماڵەبەماڵی تۆ نازانم؟.. چۆن منەت باری تۆ ئەبم و رێز بۆ تۆ دائەنێم کە قەناعەتم وانەبێت ئەو ماڵەی تۆ بانگت کردم بە ماڵی تۆی نەزانم؟ چۆن دەبێ بەماڵی تۆی نەزانم؟ کەبەماڵی تۆم زانی ئەوکاتە تۆ زیاتر رێزی من دەگریت ئامادەی ئەوەی بەشێوەیەکی تر لەگەڵم دا دابنیشی و قسە بکەیت و هەموو شێوازەکانی بەخەمەوە بوون بۆمن ئەوکاتە رەچاو بکەیت، بۆیە وا پێویست دەکات هەم برایانی عەرەب و هەم برایانی تورکمان و کلدۆئاشوری، هەم هەر خەڵکێك کە لەکەرکوك و دەوروبەری کەرکوکدا دەژین، ئەو شوێنەی کە بەشێوەیەکی مێژوویی پێی دەوترێت سنوری کوردستان لەخوارووی کەرکوکیشەوە هەموو ناوچەکان و دێهاتەکانی دوور لەکەرکوکیش بەڵام سەربە کەرکوکن یان سەربە شوێنەکانی تری کوردستانن لەشەنگارەوە بۆ بەدرەو جەسان ئەو خەڵکەی کە لەوێ ئەژی لەگەڵ کوردا ئەبێ وابیر بکەنەوە ئەو قەناعەتیان هەبێت

کەلەکوردستاندا ئەژین.

که نەگەیشتنە ئەو قەناعەتە، پێکەوە ژیان قورس ئەبێ لەگەڵیاندا؟؟ من پێشم وایە کەرکوک ئێراقێکی بچکۆلەنیەبەڵکو کوردستانێکی بچکۆلەیە.

بەڵێ کاک بێستون: گومان لەکوردستان بوونی کەرکوک نییە بەڵگە جوگرافی و مێژوویەکان زۆر لەمێژە ئەوەیان سەلماندووە، ئێمە کەباس لەئێراقی بچکۆلەئەکەین مەبەست لەوە نییە، کەرکوک شارێکی کوردستانی نییە بەلاَم ئێراقبەپێك هاتە جیاوازەکانیەوە کوردی تیایە، عەرەبی تیایە، تورکمان و کلدۆئاشوری تیایە ئەبینی ئەم نەتەوە جیاوازانە لەهەموو شارەکانی کوردستاندا وەك یەك بەدی ناکرێ، بەلاَم لەکەرکوکدا هەموویان کۆبونەوە که ئەلێین ئێراقی بچکۆلەزیاتر مەبەست لەوە، فەرموو چەند بشێت سەرنجی خۆت بخەرە روو؟

وەلاَم: من لەڕۆژنامەی ئاسۆ که ڕۆژنامەیەکی کوردیيە لەکوردستان دەرئەچێت ووتارێکم نووسی لەسەر ئەوەی که کەرکوک عێراقێکی بچکۆلانە نییە، بەڵکوکەرکوک کوردستانێکی بچکۆلانەیە. لەبەر ئەوەی ناکە لەکەرکوکدا هەموو ئەو نەتەوانە ئەژین کەلەعێراقدا ئەژین بەلاَم لەهەمان کاتیشدا هەموو ئەو نەتەوانە لەکەرکوك ئەژین که لەکوردستاندا ئەژین چۆن؟؟ بۆ نمونە: من پاساوی چیم لەلایە بۆ ئەوە؟ پاساوی ئەوەم لایە برۆ بۆ کوردستانی ئێران (ڕۆژهەلاَت). لەکوردستانی ئێراندا لەناوچەی ورمێ که پێی ئەوترێ ئازەربایجانی غەربی و تورکمان و ئازەریش که هەردووکیان بنەچەیان تورکە لەکوردستانداان و لەوێ ئەژین و لەباشوری کوردستانی ڕۆژهەلاَت، ناوچەکانی پشتی دیزەفول هەندێ ئەو ناوچەیە کەلەکۆنەوە بە کوردستان ناوبراوە لەوێش عەرەب ئەژی. عەرەب هەیە نەك لەناوچەی ئەهواز خۆی وناو ئەهواز، بەڵکو لەدەرەوەی ئەهواز لەکوردستانی ئێران خەڵکی عەرەب ئەژی ئەوە لەلایەکەوە. لەلایەکی ترەوە هەر لەناوچەی ورمێ، کلدۆئاشوری و ئەرمەنی ئەژین. لەکوردستانی تورکیاش من خۆم چومەتە چەند شارێك نزیکەی نیوەی عەرەبە، بۆ نمونە: ماردین یەکێکە لەو شارانەی کەلەناوەراستی کوردستانی تورکیایە نزیکەی نیوەی شارەکە عەرەبە و سریانیە. که دێتە سەر کوردستانی سوریاش هەموو ئەو پێکهاتەی کەلەکەکوکدا ئێستا ئەژین لەکوردستانی ڕۆژئاواش، واتە لەکوردستانی سوریاش بەدی دەکرێت بۆ نمونە بەشێوەیەکی زۆر ئەرمەنی ئەژین، هەروەها تورك‌و عەرەب‌و چەرکەس لەوێ ئەژین، لەکوردستانی خۆشمان ئەبینین کەخەڵکی عەرەب لەناو کوردستاندا هەیە. تورکمان لەناو کوردستاندا هەیە غەیری کەرکوکیش ئێمە تورکمانێکی زۆرمان لەهەولێردا هەیە ئێمە تورکمانمان لەکفری و خانەقین هەیە، لەناو خاکی کوردستانیش پێش ئەوەی لەکەرکوك تورکمان هەبێت لەشوێنەکانی تردا هەیە پێش ئەوەی لەکەرکوك تورکمان هەبێ لەهەولێر هەبووە. وەعەرەبیش بەهەمان شێوەلەناوچە سنوریەکان. بۆ نمونە لەموصل (من لەوانەیە

لەسەر مەسەلەی موسلیش هەندێ بۆچونم هەبێ) بابڵێن ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو تەماشائەکەی ناوچە هەرەبەر فراوانەکانی سنوری موسڵ و شاری موسڵیش کوردستانین وە عەرەبی تیا ژیاوە، من پێم وابێ لەکوردستاندا هەموو ئەو نەتەوانەی کە ئێستا لەکەرکوك ئەژین لەکوردستاندا ئەژین. بۆیە ڕاستر وایە ئێمە بڵێین کەرکوك کوردستانێکی بچوکە، ئەو خەڵکانەی کە بە کەرکوك ئەڵێن ئێراقێکی بچوك کراوەیە بەخۆیان بزانن و نەزانن وە بەخۆمان بزانین و نەزانیین کەباسی کەرکوك بکرێت وەك ئێراقێکی بچوك، خۆی لەخۆیدا زەربەدانێکە و زەرەردانێکە لە(کوردستانی - بوون)ی کەرکوك.

پرسیار:شۆفێزیزمی عەرەب دەیان ساڵەگەرا دائەنێ کەمیش نین ئەوانەی ئەو شۆفینیزمە گۆشی کردوون، پێت وایە بەڕوخانی ڕژێمی سەدام ئەو شۆفینیزمە لەناوچوو، یان ڤایرۆسەکەی لەجەستەی زۆر لەسەرکردەکانی ئێستای عێراقدا ماوە؟

**وەڵام: من پێم وایە شۆفێزیزمی عەرەبی بناغەیەکی مێژوویی کەلتوری هەیە. بناغەیەکی ڕۆحی هەیە. شۆفێزیزمی عەرەبی وابەئاسانی تەواو نابێ، شۆفێزیزمی عەرەبی هیوادارم کە براعەرەبەکانی کەرکوك لێمان زویر نەبن هەندێ هەقایقی مێژوویی هەیە من خۆم نایلێم، بەڵام یەکێك لەنوسەرە عەرەبەکان، من ئێستا بەخت یاوەرم نابێ ناوەکەی بێتەوە بیرم بەڵام لەیەکێ کەناڵەئاسمانیەکانی عەرەبی قسەی ئەکرد باسی ئەوەی ئەکردئەیوت باشە ئێمەی عەرەب بۆ هەموو شتێکی باش بۆخۆمان دابنێن؟ بۆوای دابنین هەرچی شتی چاك هەیە و لەدنیادا کە ئەکرێ هەرلەعەرەبەوە هاتووە؟ بۆ وای دابنێین کە ئێمە میللەتێکین هەمیشە ئەبێ براگەورەبین؟ بۆ وای دابنین کە ئێمە پیاوی چاك و ڕێك و پێکین و خەڵکی تر خراپن؟ بۆ ئێمە وای دابنێین کە شارستانیەت هەرلەناوعەرەبەوە هەر لەناو ئیسلامەوەبووەو نەتەوەکانی تر نەیان بووە؟ بۆ ئێمە بڵێن لەبەر ئەوەی کە ئیسلام لەناو عەرەبەوە هاتووە فەزڵی ئیسلام بۆ عەرەبە و ئەبێ هەموو کەس منەتباری عەرب بێ؟ من پێم وایە شۆفینیزمەکە لەوەوە هاتووە. خەڵکی عەرەب جۆرێك لەشانازی و فیز ئەکات بەوەی کە ئیسلام لای ئەوانەوە هاتووە و ئەو شانازیە بۆ گەلی عەرەبە.!! وا پێویست ئەکات کە ئینسان کاتێك شانازی بە کەلتورەکەیەوە بکات، کە کەلتورێکی باشی هەبێت و بیهێنێ کەلتوری خۆی بسەپێنێبەسەر میللەتانی تردا. ئیمە گیرۆدەی دەستی شۆفێنیزمی عەرەبی بووین هەر لەکۆنەوەپێم وانیە شۆفێنیزمی عەرەبی کۆتایی پێ بێت.لەبەر ئەوەی هەندێ بیروبۆچون هەیە لەگەڵ شیردا ئەدرێ بە ئینسان.**

پرسیار: بەبڕوای جەنابت ئایندەی کەرکوك بەچ ئاقارێکدا دەڕوات؟ مانەوەی کەرکوك بەم شێوەیەی ئێستا بەرەو لێواری تەقینەوەمان نابات؟ ئەگەر گرژی ڕوبدا بەر پرسیاری یەکەم دەسەڵاتی ئێستای ئێراقنابێت؟ ئایا دەسەڵاتی ئێستای ئێراق درکی بەمەترسی ئەم قۆناغە نەکردووە ئەگەر درکی پێکردووە بۆ پەلەلەجێبەجێ کردنی مادەی (٥٨) ناکات؟

**وەڵام: پێم وابێ سەرکردە عەرەبەکانی ئێستای ئێراق هێشتا لەدەست هەندێ گرفتی**

کەلتوری و ڕۆحی ڕزگارمان نەبووە، بەئاسانیش پێم وانیە ڕزگارمان ببێ، لەبەر ئەوە، بیروبۆچونی نەگۆری ئەوان وای کردووە کە ماددەی(٥٨)دوابکەوێت ئەگینا ماددەی(٥٨) زۆر بەڕوونی ئەڵێ ئەبێ بەپەلەجێبەجێبکرێت، لەوکاتەوە بڕیارەکە دەرچووە بزانە کاتەکەی چەندە؟

ئایا بەکردەوە ئەو وشەیە جێبەجێ کراوە؟ وشەی (پەلە) بەهیچ شێوەیەك نەکراوە...خەتاکە لەکێیە؟

خەتاکە لەگەڵی کوردنییە. خەتاکە لەو شوێنەیەکە بڕیارەکان دەرئەکات، باشە قەیناکات ئێمە ئەڵێین کە ئێستا ئێراق بەدەستی تیرۆرەوە ئەناڵێنێت، وەزعێکی زۆر خراپ لەئێراق دا هەیە بەڵام خۆ لێرە بڕیارەکان زۆر ڕوونن.. هیچ کێشەیەك دروست نابێت ئەگەر عەرەبە هاوردەکان بگەڕێننەوە. ئێمە بەپلەی سەرەکی دوو خاڵمان هەیە لەماددەی (٥٨)دا: یەکێکیان ئەوەیە هاوردەکان. عەرەبەکان کە هێنراون بۆ کەرکوك ئەوانە ڕابگوێزرێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و قەرەبووشیان بدرێتەوە. ئەوانەی کاتی خۆی کە هاتووش بۆ ناو کەرکوك پارەیەکی زۆریان پێ دراوە. ئێستاش ئێمە ڕازی بووین وەك گەلی کورد قەرەبوشیان بۆ بدرێتەوە. باشە گەر قەرەبویان پێ ئەدرێتەوە قەرەبووەکە لەکوێوە دێت؟ دیارە لەمیزانیەی عێراقەوە دێت یان لەداهاتی کوردستانەوە دێت , ئێمە ڕازی بوین لەداهاتی کوردستان نیسبەتێك بدرێت بۆ ئەوەی عەرەبەکان کە ئەگەڕێنەوە بچنەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان، ئەوەشی تیایە ئەگەر ماڵ و موڵکیان گۆڕانکاری بەسەر داهاتبوو لەشارەکانی خۆیاندا، ئەوا پێویستە ماڵ و موڵکی تریان بدرێتەوە. ئەگەر ئەوەشیان نەبوو پارەیان بدرێتەوە. ئەم خاڵەبەهیچ جۆرێك جێبەجێ نەکراوە!!ئەو عەرەبانەکەش کە کەرکوکیان جێ هێشتووە خۆیان بێزار بوون ڕۆیشتبوون و کەس ناچاری نەکردوون و بەپێی مادەی ٥٨ کەرکوك جێ بهێڵن.

عەرەبەکان، دەسەڵات دارەکان لەعێراقدا هیچ هەنگاوێکیان بۆ ئەوە نە ناوە، باسی ماددەی (٥٨) ئەکات هەرکوردە هەرسیاسیە کوردەکانن باسی ماددەی (٥٨) ئەکەن، بەهیچ شێوەیەك عەرەبەکان نایەن باسی ماددەی (٥٨) بکەن، ئەی ئێمە دڵی چیمان خۆش بێت بڵێین ئێمە وەکو گەلی کورد، پێکەوە ژیان ئەکەین لەگەڵ ئێراق و لەکەرکوکدا؟ خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئیش بۆ ئەوە بکرێت ناوچە ئیداریەکانی کەرکوك و شوێنەکانی تر بگەڕێنەوە سەر بنەڕەتی خۆیان، بۆ نمونە ئەو قەزاو ناحیە و دێهاتانەی کەلەکەرکوك دابڕاون. ئەوانیش دووبارە ئیش بۆ ئەوە بکرێت کە بگەڕێنەوە. قەینا پەلەی تیانەکراوە، بەڵام هەرهیچی بۆ نەکراوە. ئیشی بۆنەکراوە. پرسیارەکە ڕوی لەکێیە؟ پرسیارەکە ڕوی لەکورد نییە. کوردنییە کە کۆسپی خستبێتە بەردەم ئەوانە، کێ قەرار دەرە لەبەغداد ئەوانەن.. جگە لەوە چارەسەرکردنی کێشەی موڵکەکان هەر بە هەڵپەرسێردراوی ماوەتەوە... ئەی چارەسەرکردنی بارودۆخی ئاوارەکان کە گەڕاونەتەوە؟ ئەمانە بۆ نەکراوە و جێبەجێ نەکراوە؟ حکومەتی هەرێم هەردوو ئیدارەی زۆرباش هاتونەتە پێشەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.. بەڵام دەسەڵاتدارە

عەرەبەكان لەمەسەلەی چارەسەركردنی ئاوارەكانەوە دەست پێ بكە هەتاكو زۆرمەسەلەی تر نەهاتونەتە پێشەوە تازە بە تازە ئەوەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەكرد لەناو كەركوكدا فێڵی لەگەڵ كورد ئەكرد.

ئێمە هاتوینەتە پێشەوە بەسنگێكی فراوانەوە، هاتووین ئامادەین لەگەڵ هەمووان دا خزمەتی كوردستان بكەین و خزمەتی ئێراق بكەین، ئێمە هاتووین خزمەتی كەركوك بكەین.

پرسیار: بەڵام دەسەڵاتی ئێستا كە ماددەی (٥٨) جێبەجێ ناكات پێت وانییە ئەیەوێت كات بكوژێ بۆ ئەوەی دواجار ئەو ماددەیە فەرامۆش بكات؟

وەڵام: پێم وابێ لەعێراقدا ئەوە بەسەر چووە جارێكی تر داخوازییەكانی گەلی كورد فەرامۆش بكرێن، بۆیە ئەوە بەسەر چوو كە ماددەی (٥٨) فەرامۆش بكرێت. ماددەی (٥٨) لا ئەبەین ئەیكەینە ماددەی (٦٠) ئەوەش لائەبەین ئەیكەینە ماددەی (١) ئەوپەڕی ژمارەكەی ئەگۆڕین. ئەگینا ئێمە وازلەناوەرۆكی داواكاریەكانمان ناهێنین. عەرەبی ئێراق بۆی ناكرێت بەهیچ جۆرێك جارێكی تر غەدر لەگەڵی كورد بكاتەوە. لەبەر كۆمەڵێ هۆی ناوخۆیی و دەرەكی.

پرسیار: ئەگەر دەرفەت بۆ پێكەوە ژیان نەما ئەبێ ئێمە چی بكەین؟

وەڵام: ئێمە ئەبێ پەنا بەرین بۆ نەتەوە یەككگرتوەكان چونكە بەهیچ جۆرێك قازانجمان لەوەدا نییە گەر دەرفەت بۆ پێكەوە ژیان نەما دەست بدەینە چەك و كەس بكوژین. گەلی كورد بەدرێژایی شۆڕشەكانی خۆی تیرۆری نەكردوە، كەچی هەركورد تیرۆر كراوە و لەناو براوە. هەر كورد شەری لەدژ كراوە ئێمە لەقازانجمان نیە شەر بكەین.من دڵنیام زۆر لەدەوڵەتی دنیا هەن كەپشتگیری لەمافەكانی ئێمە ئەكەن، پێم وابێ عەرەب زەرەر ئەكە ن ئەگەر لەحاڵەتێكدا بیانەوێ كێشە بۆ كورد دروست بكەن قازانج ناكەن چونكە گەلی كورد ئەتوانێ زۆر شێوازی تر بگرێتە بەر كە ئەوان هەر پێشبینی ناكەن و لەوانەشە ئاسان بێ بۆ گەلی كورد. بەداخەوە ئێستا گەلی كورد شتی خۆی هەرزان فرۆش ئەكات، ئێمە هاتووین شتی خۆمان هەرزان فرۆش ئەكەین، ئێمە داوای فیدراڵی ئەكەین، ئێمە داوای پێكەوە ژیان ئەكەین داوای ئاشتی و برایەتی ئەكەین داوای چاوپۆشی لەهەموو ئەو لافاوە خوێنە ئەكەین كە دەستەڵاتدارانی عەرەب لەعێراقدا بەگەلی كوردیان ڕشتووە، ئێمە چاوپۆشی لەهەموو ئەو گۆڕە بەكۆمەڵانە ئەكەین كە دەستەڵاتدارانی عەرەبی عێراقی بەسەرگەلی كوردیان هێناوە، ئێمە چاوپۆشی لەئەنفال ئەكەین. دژایەتیش لەگەڵ عەرەبدا لەسەر بناغەی ئەوە دروست ناكەین بەهەی عەرەبی لەقەڵەم نادەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی نەتەوەی عەرەب بووە لەئێراق كە ئەوانەی بەرامبەر ئێمە كردووە. ئێمە ئەو هەموو هاتنە پێشەوەیەمان هەیە لەگەڵیاندا، بەڕاستی ئێمە شتەكانی خۆمان هەرزان فرۆش كردوە، ئەگەر بەقەدرو ڕێزەوە لێمان وەرنەگرن، من پێم وایە گەلی كورد (جگە لەشەر) شتی زۆر بەهێز تری لایە..!!